وەزارەتی بەرگری عێراق دو فڕۆکەی کاراکاڵی فەرەنسی وەرگرت



وەزارەتی بەرگری عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە دو فڕۆکەی کاراکاڵی فەرەنسی وەرگرت کە قەناغی یەکەمی گرێبەستەکەیانە لەگەڵ ئەو وڵاتە و بڕیاریشە ژمارەیەك فڕۆکەی دیکەی فەرەنسی رەوانەی عێراق بکرێن.

سابت عەباسی وەزیری بەرگری عێراق لە وتارێکدا ڕایگەیاندوە، "وەرگرتنی ئەو فڕۆکانە بەشێکە لە گرێبەستێك کە لە نێوان هەردو وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی بەرگری فەرەنسا ئەنجامدراوە، بۆ دابینکردنی ئەمجرەرە فڕۆکەیەی بۆ فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، کە بە یەك لە دوای یەکەوە پێشوازییان لێدەکرێت، دوای تەواوبونی پرۆسەی دروستکردنیەکەیان".

جەختیشیکردەوە "ئەم فڕۆکانە لە مانگی (حوزەیران/6)ی ئەمساڵ دەچنە خزمەتەوە، هاوکاتە لەگەڵ ساڵانێژی دامەزراندنی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپای عێراق".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "فڕۆکەکانی کاراکاڵ لە باشترین فڕۆکەکانی جیهانن، هەروەها خستنەڕوویان لە سیستەمی چەکداری سوپای عێراقدا نوێنەرایەتی بەرزکردنەوەیەکی بەرچاو

دەکات بۆ هێزی ئاسمانی سوپای عێراق، بەو پێیەی دەتوانن ئەرکی جێراوجێر لە بارودۆخی کەشوهەوای سەختدا ئەنجام بدەن، هەروەها توانای ئەنجامدانی ئەرکی شەڕیان هەیە بە لێهاتوییەکی زۆرەوە".

وەزیری بەرگری عێراق گەشتکی بۆ فڕۆکەکاندا ئەنجامدا کە لەلایەن فڕۆکەوانە عێراقییەکانەوە بەکاردەهێندرێن و لە میانەی گەشتەکەدا ستایشی "توانای فڕۆکەوان و تەکنیککارە عێراقییەکانی کرد، بەو پێیەی توانیان بە خێرایی ئەم فڕۆکە پێشکەوتوانە کارپێبکەن و ئەو کاتەی کە پێویست بو بۆ تەواوکردنی مەشق و ڕاهێنان کەمبکەنەوە".